کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
16-6-2007 16:22بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ڕەخنەی لاوەکی چەپی حاشیەیی ... عامر سابیر

asabir79@hotmail. com

هەڵسوڕاوانی بەرجەستەی کۆمۆنیزمی کرێکاری بڕیاریان داوە کە بە عەمەلی بەشداری چالاکانە بکەن لە دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستاندا، ئەم کارە چەپی حاشیەیی نیگەران کردووە و خێرا تۆمەتی بە لای ڕاستدا وەرگەڕانی کۆمۆنیزمی کرێکاری و بوونە ناسیۆنالیستیان دایە پاڵ.
لە ناوەڕاستی نەوەتەکاندا و بە دوای نوسینی وتاری (لە پێناوی داکۆکی کردن لە خواستی سەربەخۆیی کوردستانی عێراقدا) لە لایەن مەنسور حیکمەت و دەرکردنی گۆڤاری ڕیفراندۆم لە لایەن ڕابەرانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و هەوڵی ئەو حیزبە بۆ جیابونەوەی کوردستان و کۆتایی هێنان بەو سەرگەردانییە سیاسیە، زۆر کەس پرسیاری ئەوەیان دەکرد کە، بۆچی ئێوە حیزبی کوردستان پێکناهێنن؟ لە کاتێکدا ئێوەن کە بۆ ئەم ڕێگە چارە دروستە خەبات ئەکەن. ئەو کات وەلامی هەڵسوڕاوانی (حککع) ئەوە بوو کە عێراق هیچ پیرۆزیەکی بۆ ئێمە نییە و تەنها چوارچێوەیەکی جوگرافی هەڵسوڕانی سیاسیمانە و هەرکات پێویستی کرد، حیزبی کوردستان دادەمەزرێنین (حیزبەکەمان دابەش ئەکەین)، کە لەگەڵ حیزبی بەشەکەی تری عێراقدا دوو حیزبی هاوخەبات و هاوپەیمان و سەر بە یەک بزوتنەوەی کۆمەلایەتی ئەبن.
لە ئێستاشدا، پاش ئەوەی کە لە داهاتوویەکی نزیکدا حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان دامەزرا، گریمان ئەگەر بۆ تەنها ساتێکیش بێت ئەو هەموو (شێر و ڕێوی) و (بەیت و بالۆرەیەی) کە چەپی حاشیەیی باسی ئەکات لە سەر یەکپارچەیی خاکی عێراق و تێکهەڵپێچراوی و بە یەکەوەگرێدراوی هەلومەرجی ژیانی خەڵکی (زاخۆ و سلێمانی) لە گەڵ خەڵکی (بەسرا و بەغداد)، ڕاست بێت، ئەوا لەو کاتەدا هیچ ڕێگری و بەربەستێک نییە لە بەردەم یەکگرتنەوە و تێکەڵبوونەوەی هەردوو حیزبی هاوخەبات و هاوپەیماندا.
لە ئەمڕۆی کوردستان و عێراقدا کە لە ژێر دەسەلاتی بۆرژوازی و کۆنەپەرستان و تیرۆریستان و داگیرکەراندا، ژیان و چارەنووسی دانیشتوان بە گشتی و کرێکاران و زەحمەتکێشان بە تایبەتی، دووچاری گەورەترین داڕوخان و ناهەمواری بووە، باشترە بۆ چەپی حاشیەیی کە بۆرژوازی لە بەرانبەر خۆیدا ببینێت و ئەگەر کارێکی لەدەست دێت لەم ڕاستایەدا بیکات، نەک لە بێکاریدا سایت و وەرزنامەکەیان پڕبکەنەوە بە بۆچونی نادروستیان لە دژی هاورێیانی دوێنێی خۆیان.
ماوەتەوە ئەوە بڵێم، کە پێویست ناکات چەپی حاشیەیی نیگەرانی ئەوەبن کە کۆمۆنیزمی کرێکاری بەلای ڕاستدا وەرئەچەرخێ، چونکە هەموو ئەو هاورێیانەی کە چالاکانە بەشداری دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان ئەکەن، لە ڕوانگەی بەرژەوەندی چینی کرێکار و لە پێناوی بنیاتنانی دنیایەکی باشتردا ئەو کارە ئەکەن.

2007/6/16

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.